السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# خۆراکی پێببەخشیت ئەگەر خۆت خۆراکت خوارد، وجلی پێببەخشیت ئەگەر خۆت جلت لەبەرکرد -یان پارەی پێببەخشیت ئەگەر پەیدات کرد-، وبە لێدان لە دەموچاوی نەدەیت، وجوێنی پێنەدەیت، وقسەی لەگەڵ دانەبڕیت مەگەر تەنها لە نێو ماڵدا نەبێت

لە موعاویەی کوڕی حەیدەی قوشەیری -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا مافی خێزانی یەکێک لە ئێمە چییە لەسەرمان؟ ئەویش فەرمووی: «خۆراکی پێببەخشیت ئەگەر خۆت خۆراکت خوارد، وجلی پێببەخشیت ئەگەر خۆت جلت لەبەرکرد -یان پارەی پێببەخشیت ئەگەر پەیدات کرد-، وبە لێدان لە دەموچاوی نەدەیت، وجوێنی پێنەدەیت، وقسەی لەگەڵ دانەبڕیت (هەجری نەکەیت -بەجێی نەهێڵیت-) مەگەر تەنها لە نێو ماڵدا نەبێت».

[حەسەنە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

موعاویەی قوشەیری -ڕەزای خوای لێبێت- پرسیاری لە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- کرد سەبارەت بە مافەکانی خێزان (هاوسەر) لەسەر پیاو، ئەویش ڕوونی کردەوە کە واجب ئەوەیە کە خواردنی وپۆشاکی پێببەخشیت بە پێی هەبوون وتوانا، ونەهی کرد لە لێدانی دەموچاوی وجوێندان پێی، وهەروەها نەهی کرد لە قسە داپڕان لەگەڵ خێزاندا (هەجر کردنی) مەگەر تەنها لەسەر جێگا نەبێت، واتا نابێت خانووەکە جێبهێڵێت وبچێت بۆ خانووەکەی تر، یان خێزانەکەی لەماڵ دەربکات وبینێرێت بۆ ماڵێکی تر، بەڵکو بۆ ماوەیەک قسەی لەگەڵدا دادەبڕێت لە ناو ماڵدا لە کاتی بوونی ناکۆکی هەتا ئەم ناکۆکیە نامێنێت؛ چونکە سروشتی مرۆڤ وژیان بەو شێوەیە ناکۆکی وشەڕ هەر ڕوودەدات بۆیە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- باسی ئەم شتانەی کردووە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/58093

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee